# ئەو تاوانانەی بە ناوی خوداوە دەکرێن

## تامان شاکر

(ئەو خوداییەی کە ئێمەی دروستکردووە، هەموو ئازادییەکی بە ئێمە ڕەوا بینیووە)

ابراهام لینکن

ئەی خودایە بەر لەوەی دەست بە نووسینی ئەو بابەتە بکەم، داوای لێبووردن لە تۆ دەکەم، چونکە لەسەر ئەم تاوانانەی کە دەرهەق بە مرۆڤایەتی و بە ناوی تۆوە دەکرێ، کەس نییە پەنای بۆ بەرم بێجگە لە تۆ، چونکە تۆ زۆر جوانتری لەوەی کە ئێمە دەتناسین،لەوەی کە تۆیان بە ئێمە ناساندووە،لە منداڵییەوە پێیان وتووین، کە تۆ خاوەنی دۆزەخێکی زۆر گەورەیت و گڕ لە جەستەی سەرکێش و یاخییەکان بەردەدەیت، ڕەنگە هەر ئەو بیرۆکەیە بێت لە مێشکی ژنانی وڵاتەکەم ڕەنگی دابێتەوە، بۆیە جەستەی خۆیان دەرخواردی ئاگر دەدەن، ئەی خودایە، پیاوانی وڵاتەکەم تا ئێستاش، لە حیکمەتەکانی تۆ تێناگەن و بە (ناقیس و عەقڵی وە الدین) تەماشامان دەکەن،

تۆ باوکە ئادەم و دایکە حەوات بەخشی، دوای ئەوەی زانیت سەرپێچیان لە فەرمانەکانی تۆ کردووە، بەلام نەتکوشتن و بە بلۆك سەرت پان نەکردنەوە، تۆ هێندە بە بەزەیی بوویت،

تۆ کەمرۆڤت دروستکرد و هەستت دا پێیان، بۆ ئەوە بوو، کە خۆشەویستی لە نێوانیاندا دروست بێت و بتوانن بیبەخشن بە یەکتری، کەچی لەم وڵاتەدا ڕۆژانە لەسەر ئەو خۆشەویستییەی کە تۆ بە ئێمەت بە خشیووە، خەڵك دەکوژرێ و سوکایەتیان پێدەکرێت،ئەی خودای من، کاتێك تۆ ئادەمیزادت لە گەل و نەتەوە و ئاینی جیاواز دروستکرد، بۆ ئەوەی بەیەکەوە بژین یەکتری بناسن،تێکەڵی یەکتربن، چونکە تۆ کۆمەڵگەیەکی یەك ڕەنگت پی باش نەبوو، بەڵکو ژیانت فرە ڕەنگ کرد، بەلام ئەمرۆ ڕەنگەکان دژایەتی یەکتر دەکەن و نایەڵن خۆشەویستی لە نێواندا دروست بێت، ئەوەی سەرکێشی بکات بە نوێژی نیوەڕۆ بە ناوی ئاینەوە سەری پان دەکەنەوە، یان بە سەدان کیلۆ تی ئێن تی دەتەقێنەوە بۆ کوشتنی زۆرترین کەس و ڕێگە بە بیرورای جیاواز، و نەتەوەی جیاواز نادەن.

ئەی خودای من، ئەو پەردە بچووکەی کە تۆ بە ژنت بەخشیووە، کە ئێمە لە حیکمەتەکەی ناگەین، ئەمرۆ بۆتە هۆی قەلاچۆکردنی ژنانی وڵاتەکەم ناوێکی زل و گەورەیان لەسەر داناوە، کردوویانە بەشەرەفی من و هاوجنسەکانم، بەو هۆیەوە، پیاوان خۆیان لە شەرەف ئازاد و بێبەری کردووە، بۆ ئەوەی ڕەها بن لە هەموو شتێك، ئەوەی بیانەوێ بیکەن، ئەی خودای من لەوەش خراپتر، هەر کە لە دایك بووین بەشێکی ئەندامی زاوزێ کە تۆ پێت بە خشیوین دەیبرن، بە ناوی پاکییەوە ، ئەو نەزانانە پێیان وایە تۆ نەتدەتوانی گویزانێ بدەیتە دەستی یەك لە ملائیکەتەکان، بۆ بڕینی ئەو پارچە گۆشتە بچوکە،

ئەی خودای من، تۆ مرۆڤت بە رووتی دروستکرد، بۆ ئەوەی ئازاد بێت لە داپۆشینی لەشی کەچی لە مەملەکەتەکەی من جۆرەها پۆشاکی ڕەنگ ڕەش و سەیرو سەمەرەمان لەبەر دەکەن و ئەو ئازادییەی تۆ بە ئێمەت بە خشیووە لێمان زەوت دەکەن، و هەنگاوەکانمان سنووردار دەکەن، زۆرێك لە ئاینزانەکانی وڵاتەکەم نەیان توانیووە لە زمانی تۆ تێبگەن، وتەکانت بە هەڵە لێك دەدەنەوە، لەسەردەمی پێغمبەری موسڵمانان هەرکەسێ زینای کردبا، دەبوایە چوار کەس ئەم کردارەیان ببینیایە تاوەکو حکومی مردن بەسەر یەکێکدا بسەپێنن، ئەمرۆ، لە وڵاتەکەی مندا، کەس هیچی بە چاوی خۆی نەبینیووە،کەچی خەڵك پێش کەس و کار بریاری مەرگیان لەسەر دەدەن، قیزەوەنتریش لەوە دەبی کەس و کاریان فەرمانی ئەو مەرگە نارەوایە جێبەجێ بکات، تۆ فەرمووت دەبێ دەوڵەمەندەکان، یارمەتی هەژارەکان بدەن و لەو ماڵەی خودا پێداون، کەچی دەوڵەمەندەکانی وڵاتەکەی من، هێندە چاو چنۆکن پارەکانیان دەشارنەوە، کەس نازانێ خاوەنی چین، هەندێکیان خۆشیان لێبێبەری دەکەن و لە جیاتی تۆ دەیپەرستن.

ئەو هەموو تاوانانە بە ناوی تۆوە ئەنجام دەدرێت، دەیانەوێ لە جوانییەکانی تۆ کەم بکەنەوە، وڵاتەکەی من، بووە بە

**ناشیرین ترین وڵاتی دونیا، چونكه ژیانی تێدا له سێداره دەدرێت،چراكانی تێدا دەكوژێندرێتەوه، بۆ ئەوەی ویژدانی سربوویان ئاسوودەكەن به ناوی تۆوه ئەنجامی دەدەن .**